# سزا مەدەن بە سزادانی خوای گەورە

لە عیکرمەوە دەڵێت: عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- خەڵکانێکی سووتاند، ئەمە گەیشت بە ئیبن عەباس ووتی: ئەگەر من بوومایە نەیانم دەسووتاند چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «سزا مەدەن بە سزادانی خوای گەورە»، ودەیانم کوشت هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «هەرکەسێک (ئاینەکەی گۆڕی*؛ بیکوژن». *(واتا: ئەگەر لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە -مورتەد- بوو
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- خەڵکانێکی لە زیندیقەکان* سووتاند، چونکە هەڵگەڕانەوە لە ئاینی ئیسلام، ئەمە گەیشت بە ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- ووتی: ئەگەر لە شوێنی ئەو بوومایە نەیانم دەسووتاند چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە سزادان بە سووتاندن، وحوکمی ئەو کەسەی ئاینەکەی دەگۆڕێت پاش ئەوەی مسوڵمان بووە؛ دەکوژرێت بە بێ ئەوەی بسووتێندرێت، وجیاوازی نییە لەمەدا لە نێوان پیاو وئافرەت. *(زندیق: کەسێکە هەڵگەڕابێتەوە لە ئاینی ئیسلام یان وا دەربخات مسوڵمانە بەڵام لە دڵەوە کافر بێت، وهەروەها بە کەسی مونافیقیش دەووترێت زندیق؛ وبە ئەوانەیش دەووترێت کە لە زۆرینەی بنچینەکانی (ئاینی ئیسلام لایان داوە وبیدعەیان هێناوەتە نێو ئاینی ئیسلامەوە

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58227